# ڕووباری قاوەڕەنگ و ۳۲ هۆنراوەی تاکدێڕی

عەباس عەبدوڵڵا یووسف



* ڤینفۆبیا لێناگەڕێ، جووتلێوەت ببنە دڵشێوە.
* لە خۆمم بیست: زۆرت لەسەر ئاو هوزاندووە، دەبا بە (با) لەسەر (با) بهوزێنی.
* ئەی ڕووباری قاوەڕەنگ، لە قاوەڵتیدا، ئاوخۆرەتەو ناشلێ قوڕاوی.
* خۆم پێش خووم... خووم پێش خۆم، بە ژمنووسە ئەوهایە: ۱ = ۲، ۲=۱.
* دۆژبارەیە، ناو زەمینەخڕە دەکوڵێ (ببوورن من وا ناڵێم) خۆی هێمابێژە: بە پەقرەجان ئاوم پێداکەن!
* ئەسرینەکانی (ج- م...) بتیش سوێرن، دیارە دەرداوی دەریان.
* بەردەڕەقە، خۆی مازوخاند، هاوسات سادقڵیشەی هێورا.
* ماراتۆنە و لە ناو خینەڕۆی لەش، ڕژگەی لە جۆشگەی دەروونە!
* خۆخ بەچاو ڕامینەمە، بە دەم خورینەمە!
* لە برسان مرد، لە تێریان مرد، لە مردەییان مرد!
* ۱۹ چاوی ڕچقن ژفکن، ۱۱ گوێی تیسکن و ٥ لمووزی لیکن، نازانم ئی چ دەعبایەکن خوێنەر دەزانێ!
* خۆی ڕۆڵەی خۆیەتی، بە شیری کۆنەنووی دایەشیعر فریشکاوە.
* بە فرمێسکان چاوی شووشت، بە لەشچێژەی خۆی خەنیبوو.
* جێناوی کەسی یەکەمم ونکرد، بۆم نابندرێتەوە، نە لەناو حەشام نەش لە ناو بتان.
* تژ نەدژ، مەگەر لە چاکشارەدا بڕەخصێ!
* کۆکتێلی دەرمان خستی، کۆکتێلی دەق بووژاندی.

* به وەستانی وت: هۆپ ستۆپ، هۆپەکی لەخۆی زانی و زووتر خەیاڵی خۆی جماند.
* له نەیلانەی ئاپسۆ، کالپسۆ کردی به شاشاعیرو بۆی، خۆی بەلاش کرد.
* ئەو مێشکەی هاولەش، زانی و پێینەگوت: جەستۆ... بەس ڕاستەهێڵت تیا ماوە!
* بومبژنی بۆمبایە: بەد: م ، بەد: ۆ ، بەد: س، بەد: ی ، بەد: ق ، بەد: ا (یە).
* نیگارندۆ بە فڵچەیێ و تاکڕەنگێ، بە ئەوپەڕپۆش هەڵگژێی، جیاترین ٩٩٩٩٩٩٩٩٩ ڕەنگەت بۆ دەزایێنێ.
* مووچڕکە لەشی هەژاند، ڕێختەر لە جێوە پلەبەرزە خۆی وت، وەیزانی زەویلەرزەیە.
* فلس فلس جەلحەی پرپرکرد، لە خۆڕا شکا، کۆرەبەختیی بۆ کردە خۆشبەختی.
* لێوەبزووتەی خوێندەوە، چاوەکانی نا، لە ڕاست ئەوان نەخوێندەوارە.
* درۆیەکی وتی ماسی دەفڕێ، زانسیار بۆی ڕاسکردەوە: بە نەهەنگەوە دەبنە ناواوی دەرئاوی!
* لەودیو دەریاوە دەنگت ببیسم برامی، نووسینت بخوێنم زڕبرامی.
* ئادەمگەل هاتن و تاکحەوایان ڕفاند، بێچەک جەنگ قەوما!
* لە زیندووییدا خۆی کاناند، کە مرد بە هێنجەتی زڕمردوو، زەوی نەیناشتەوە.
* وەفایی خۆی تەشییەو شیرین شیعری (پێ) و (بۆ) دەڕێسێ!
* لە پێستەی مرۆڤ، تەپڵی جەنگ بۆ جەنگ سازدەکرا.
* دانەکانت هاڕ و هارن، بێهۆ هەوا دەکۆژن.
* کە کامووس لێوی نایە بان لێوی نوستوو، بە چێژاوەی ماچ ڕانەجفرا!
* تراشۆکم سسکارە، سرپنۆکم پەکارە، نەنووسەم بەبارە!

**فەرهەنگچە و لێدەر:**

ئاپسۆ: ئاپسوو، Apsu ئەپسۆ. ئابسوو Absu. ئابسۆ، ئەبسۆ، ئابزوو. لە گەردووننامەی بابلی وا باسکراوە: لە کۆرەمژ دوو ڕەگەز ئافرێدران: ئەبسۆی نێرە و تیامات، یان تیامەی مێ. ئاپسۆ شیرناوێکی زوڵاڵە، (تیامات)یش سوێراو و تاڵاوە.

ئەوپەڕپۆش: ئەو پەڕی بۆشایی / الفراغ المطلق.

بەد: م+ ۆ+ س+ ی+ ق+ ا = بەدمۆسیقا - پیتەکان بە دەنگی خۆیان دەخوێنرێنەوە، کەسێ حەزی لێبێ، دەتوانێ بە ناوەدەنگی ئاوازدار بیانخوێنێتەوە: میم- واوۆ- سین- یاو- قاف- ئەلف.

بە فرمێسکان چاوی خۆی شووشت: لە یادنووسەیەکی خۆم وەرگیراوە: لە ٢٧ / ٣/ ١٩٧٥ (بە فرمێسکان چاوی خوم شووشت) بۆ ئەم تاکدێڕییە جێناوگۆڕکێ کراوە.

بڕەخسێ: بڕەخسێ (بە پیتی- ص- فۆنیترە).

بومبژن: دەنگی تەقینەوەی بۆمبایە. بۆمبژنی سێ برگەیە، بە دوو برگە بخوێنرێتەوە : بوم / بژ نی. لە برگەی دووەم، پیتی (ژ)ـەکەی مەیلەو (ش)ـە.

بۆی خۆی بەلاش کرد: بێنرخ خۆی پێ بەخشی.

پەقرەج: سەتڵ، دەفرێکی کانینە لە (تەنەکە، فافۆنی خۆماڵی، ئەلمنیۆم...) بەکورتی و بەگشتی: شێوەیەکی لوولەیی هەیە، چێوەی بازنەی سەرەوەی لە بنکەکەی فراوانترە، قورپێکی کەوانەیی هەیە لە ئاسنە. پەقرەج بۆ گەلێ مەبەست بەکاردێ، وەک: ئاوکێشانەوە، شیری دۆشراو، قوڕ، چیمەنتۆ، ماست، زبڵ. دانەوێلە ... تاد./ سگل، جردل.

پەکارە: بەکارە. لە هەندە شێوەزاری کوردی پیتی (ب) و (پ) جێگۆڕکێ دەکەن.

تەشی: ئامێرێکی دارینەی کوردەوارییە، بە دەست ئیشی پێ دەکری، لەوانەیە بە تێدیتەی فرۆیدی و ئابووری و... بڕەمزێ.

تراشۆک: قەڵەمتراش. سەردەمی مامۆستایەتیم

لە قوتابخانەی سەرەتایی، لە گوندێکی دووری لاچەپ (پارێزگەی هەولێر) گوێم لێبوو قوتابییەک دەڵێتە هاوپۆلێکی لە دووەم: تراشۆکم وێدە، واتا: قەڵەمتراشم بدەرێ، کە ئەم وشەیەم لێ بیست، هەستم کرد بەو بەهرە (خۆڕسکە)ی خولقاندنی وشە، بە خۆشیانەی دۆزینەوەی وشەیەک، تا بخرێتە نێو گەنجینەی زمانی کوردییەوە/ مبراة. مقطاطة.

تیسکن: لێرە بۆ هەندە دەعبای مووی درێژ و قژنەی چڵکن بەکار هاتووە.

(ج- م..): پیتمازەی (جوانترین- مێ...) مێ پێشگرە و ئەوها دەنووسرێ: مێبت.

جەلحە: گۆزەڵەیەکی بچکۆلانەی هێلکەیی داخراوە. لەلایەکی سەرەوەی بە درێژایی شەقایی بۆ کراوە، تا لێیەوە کانپارەی تێ بکرێ، منداڵی هەراش بۆ پاشەکەوت بەکاری دێنن، کاتێ پڕ بوو، یان نیوەپڕ دەیشکێنن و کۆکراوەی پارەکەشی بۆ کڕینەیە. زیاتر بەر لە جەژن جەلحەکە دەکرن. پێشەمرۆ هەندە دارتاش بە شێوەی سندووقێکی بچکۆلانە دروستی دەکرد و لە پێش دووکانەکەی، چەند نموونەیەکی بۆ فرۆشتن لەسەر عەرد دادەنا، لە ئەمڕۆدا دەخیلە لە تەنەکە و مەنەکە و پلاستیکە، پارەدانە.

جەستۆ: ئەی جەستە، ئەی لەش، ۆ: ئامرازی بانگکردنی نێرانە، چ کەمدوور، چ زۆردوور، لەهەندە دەقی فۆلکلۆری بۆ (مێ) یش بەکارهاتووە.

جماند: زوو جووڵاند، زوو بزواند.

چاکشارە: شاری یۆتۆپیا utopia، یۆتۆبیا (بە پیتی ب) لەسەر زار خۆشترە/ المدینة الفاضلة

حەشام: حەشامەت، عەشامەت، گەلەی خەڵک.

خستی: خەستەی کرد، نەخۆشی کردو پێی کەوتە ناوجێ (نوێن).

خۆخ: ١- ناوی نیگارندەی هۆڵەندی ڤنسنت ڤان کۆخ (١٨٥٣- ١٨٩٠) ٢- میوەیە.

خورینەمە: خۆراکمە.

خینەڕو: کورتکراوەی خوێنەڕۆ، بۆڕی خوێن.

دەبا: کورتکراوەی دەبایە، دەبوا.

دەرئاوی: دەرەوەی ئاو، وشکانی.

دەکۆژن: کورتکراوەی دەکرۆژن، لە شێوەزاری سرێشمە (ناحیەی خەلیفان- پارێزگەی هەولێر)، بەر لە چەند ساڵێک لای خەڵکی سادە، پیتی (ر) ناوەندی وشە فڕێ دەدرا، لەوانە: دەکۆژن - دەکرۆژن/ دۆپە: درۆپە (دلۆپە)/ کاو - کراو (کڵاو)/ ...تاد.

دۆژبارە: دۆژاوی، دۆزەخاوی، جەهەندەمی، مەبەست ئەو گەلەبورکانەی بن زەوی، ئەم تاکدێڕییە نموونەی هونەرواژەی ڕەشەکۆمیدیایە.

ڕامینەمە: کورتکراوەی تێڕامانمە.

ڕچقن ژفکن: چاوێک زۆر بە جیق بێ.

ڕژگە: ڕێژگە / مصب.

ڕێختەر: لەرزەپێوانێکی جیهانییە، داهێنەرەکەی ڕێختەرە و هەر بەناوی ئەوەوە ناسراوە. زانسیار: کورتکراوەی زانستیار / عالم.

زەمینەخرە: گۆی زەوی / الكرة الأرضية.

ژمنووسە: ژمارەنووسە / ترقيم.

سادقڵیشە: قڵیشێکی سادیانە، چێژێکی سێکسییە لە ئازاردانی بەرانبەر پەیدا دەبێ، زاراوەکە لە نووسەر و سێکسکاری فەڕەنسی (مەرکیز دی ساد ١٧٤٠- ١٨١٤) هاتووە، پێچەوانەی ئەو کارە مازۆخییەتە، لەم تاکدێڕییە، زاراوەکە لە سایکۆلۆژیاوە ڕاگواستەی سروشت کراوە و (بەردەڕەقە)ش سادیزمە بووە.

سستکارە: کورتکراوەی سستکارە (مەبەست: کەمنووسەی ئەم تاکدێڕانە).

سڕینۆک: پارچە لاستیکی سڕینەوەی نووسین، بەتایبەت ئی قەڵەم ڕەساس و قەڵەمی ڕەنگ، بە هاوشێوەی تراشۆک داڕێژراوە / ممحاة.

فریشکاوە: فریشکدراوە، فرچکدراوە، یەکەم شیرەمەکەی دایک بۆ منداڵی زایرە، هەروایە بۆ

هەندە گیاندار و بێچووەکانیان / اللبا، رضعة الحليب الأولى تعطى للطفل بعد الولادة.
فلس: کاندراوێکی عێراقییە و کەمترین نرخی هەیە، ساڵانێکی درێژە بە کار نایەت.
ڤینفۆبیا: ڤین+ فۆبیا، لەئەڤین تۆقین پێکهاتووە (ئەڤینتۆقین - ئەڤینتۆقە)، فۆبیا phobia: نەخۆشییەکی (دەروونـاوی - کۆمەڵاوی)یە، لە کۆمەڵگەی نێرەداب، زۆرجارە ڕێ بە عاشق نەدراوە بگاتە خۆشەویستەکەی خۆی، یانیش کچە (لەبەر هەر هۆیەک بێ) خوونیشتە ترس لێ بووەتە فۆبیا، وشەی فۆبیا بەڕەسەن لاتینییە و ئینگلیزی و گەلێک زمانی تری جیهان بەکاری دێنن، لێرە دەبێتە پاشگری وشەیەکی کوردی.
قاوەڵتی: قاوەلتی، قاوەتی، قاوەڵتوون، سبخۆرە، خواردنی بەیانیان، یان چێشتەنگاوان/ فطور الصباح - فطور الضحى.
کالپسۆ: کالیپسۆ، کالیبسوو. Calypso خواچەیەکی مێیە، یان بووکاوێکی (عروسة الماء) دوورگەی جیجیا زەرییەکی جوانی سوورکەڵە لە پەڕەبەرەی ئۆدیسنامە باس کراوە. لەو دوورگەیەدا پاش تێکشکانی گەمییەکەی ئۆدیسیۆسی پاشای ئیتاکا، زیاتر لە حەوت ساڵ ڕاگیری دەکات، بەڵێنێک بە ئۆدسیۆس دەدا کە لاوێتی پێ ببەخشێ و مەرگی لێ دوور بخاتەوە، بەڵام ئەو ڕازی نابێ و گەڕانەوە بەرەو وڵاتی خۆی پەسەند دەکات. دواتر بە فەرمانی مەزنی خواوەندان زیۆس، کالیپسۆ بەرەڵڵای دەکات، جا دەریا و دەریا دەگەڕێتەوە وڵاتی ئیتاکاو، لای پنیلۆبی هاوسەری، ... تاد.
کامووس: کامووسە - کامووسەک - کامۆس - کابیس، مۆتە - مۆتەکە. جۆرە خەونێکە تێیدا ترسبارێک تووشی نوستووی سەرپشت دەبێت، بەلای کامووسناسەی کوردەواری: کەسێکە لە شێوەی (مێردەزمە، دێوەزمە) بەقورسایی خۆی بەسەر نوستووی خەونبیندا دەدا، سنگی بە سنگییەوە دەنێ، چاو بە چاوی، لووت بە لووتی، دەم بە دەمی، بەڵام کامووس کونەلووتی نییە، بۆیە کونەکەپووی نوستوو بەتەواوەتی ناگیرێ و لەوێوە پشی (نەفەس) دەخواتەوە، ئەگەرنا دەخنکێ، یان دەڵێن زاری کامووس خوارەو لەو کەلێنە، نوستوو هەناسەی دەمینێ و ناخنکێ (نامرێ). لە ناوچەی سەرچیا (خەلیفان- پارێزگەی هەولێر) دەڵێن: (کامۆسەکێ خۆ پەسە (بەسەر)دا دام). کامووس شەودیتەی نێرانەو لە کوردەواری دەڵێن: مۆتەدیتە دەس بەرێ بۆ دۆخینی دەرپێ، یان شەرواڵی خۆی، ئەوە یەکسەر مۆتەکە دەترسێ و وازی لێ دێنێ. لەوانەیە کامووس بێتە سەر ئافرەتیش، بەڵام لەبەر شەرمەباوەی ناو کۆمەڵگە، نەتوانێ دەریببڕێ، نەوەک عەیبە و شکستی بێنتەسەر کەسێتی خۆی / جاثوم، کابوس.
کاناند: کردی بەکان، کاناندن = المعدنة، التمعدن.
کۆکتێل: Cocktail ، تۆشاوێکە لە تێکەڵەی گوشراوی میوەجاتە، کۆکتێل بۆ هەمەچەشنەی گۆرانی چەند کەسێک بەکاردێ، هەروا بۆ هەندە دەعبا و ئاژەڵی تایبەتدار، بەلامەوە دەکرێ بڵێم (کۆکتێلی دەق)، مانای (هاودەقی- تناص)یش دەدات.
کۆنەنوو: نووکۆنە.
لە پێستەی مرۆڤ...: وێنەیەکی بەدە، لەناو مێژووی کۆنی هەندە ئیمپراتۆریەت تۆمارکراوە، لەبەر چاوی عەوام پێستەی دیلیان دەگرواند، لەوانەیە (چەرمەسەری) دڕندە سزایەکی سەردەمانی زۆر پێشوو بێ و هەر لەو جۆرەیە، تێیدا داماڵینی (چەرمی سەر) ئەنجام دراوە.
ماراتۆن: کۆغارێکە لە ماوەڕێی درێژ، بەکورتی: لەو پێشبرکێیە نێر، یان نێر و مێ، لاو و پیر بە گەلە بەشداری دەکەن، دەنووسرێ ماراسۆن، لێرە پیتی (ت) بە دەنگ لە (پ) نزیکە، نموونەی هاوجۆرمان هەیە: وشەی (میراث) کوردێنەکەی

(میرات)ـە.

مازوخاند: مازۆخاند، کردی بە مازۆخی: کردەیەکی توندی سێکسانەیە، کەسی بەرانبەر پێی خۆشە، زاراوەکە لە (مازۆخ)ی نووسەر وەرگیراوە. لەم تاکدێڕییە، زاراوەکە لە سایکۆلۆژیاوە ڕاگواستەی سروشت کراوە و (بەردەڕەقە) مازۆخدار بووە، یان کراوە.

مێبتیش: بتی مێ، منی خوێنەری ئەم تاکدێڕییە، جگە لە (خانمی سۆمەری و نەفەرتیتی و ئەفرۆدیت...) بە خەیاڵم وایە: جوانترین پەیکەری جیهانی کۆن هەبوو، لە قوڕ بێ، یان هەر شتێ، لە شەڕ و جەنگ و زەویلەرزە فەوتاون.

نابندرێتەوە: کورتکراوەی نابیندرێتەوە.

ناواوی دەرئاوی: ناواوی = کورتکراوەی ناو ئاوی، ژیاوەی ناو ئاو و دەرەوەی ئاو/ برمائی

نەش: (نە) و پیتی (ش) پێوە لکاوە.

نەنووسە: نەنووسراو.

نەیلان: قامیشەڵان، لە تاکدێڕەی (لە نەیلانەی ئاپسۆ...) ئەفسانەی (بابلی و گریکی) م لێکترنجاندووە.

نیگارندۆ: نیگارکێش (شکڵکێش - ڕەنگکێش - هتدکێشی لێبوەشێتەوە)، خوێنەر مەیلی هەبێ دەشێت بیکاتە نیگەرندۆ (نیگە/ ریندۆ) و بە چەنبارەی خۆشاواز بیڵێتەوە.

هاڕ: ئامێرێ، یان کەسێ شت بهاڕێ.

هەڵگژێی: بەگژیدا بچی.

هۆپەکی لەخۆی زانی: ئیدیۆمێکە لە چەند ناوچەیەکی کوردەواری باو و بڵاوە، لە هەڵوەستەی نکاوی و سامباری دەگوترێ، تەنیا لەسەر زاری کەم کەس ماوەو زیاتریان پیاون.

هۆپ ستۆپ: جووتەناوێکی هاومانان، یەکەمیان کوردییە و دووەمیان ئنگلیزییە stop. خوێنەر دەتوانێ هەردووک خێرا بە لێکدراوەی دوو برگەیی بخوێنێتەوە: هۆپستۆپ: هۆپس/ تۆپ، هەروا وەک من حەزی لێ بێ با (س)ـەکەی بکاتە (ص): هۆپ صتۆپ

هۆزاندووە، بهوزێنی: شعراندووە، بشعرێنی، لە (هوزان - هۆزان) وە فرمانگەرد کراوە.

هێنجەت: حنجەت، هیجەت، هوججەت، بەهانە، مەهانە، بیانوو، پەڵپ/ عذر (ج) اعذار، حجە (ج) حجج، ذریعة (ج) ذرائع.

هێورا: هێوربوو، هێمنبوو.

وەفایی: شاعیری کورد (حاجی میرزا عەبدولرەحیم کوڕی مەلا غەفووره) ساڵی ١٨٤٤ لە شاری سابلاخ زایرا (لە دایک بووە)، ساڵی ١٩١٤ پاش گەڕانەوەی لەحەج و بوونی بە حاجی، تەمەنی لە حەفتا دەبێ، لە چۆڵی شامێ کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێ دەنێژرێ، وەفایی نووسەری چامەی بەناوبانگی (شیرین تەشی دەڕێسێ).